خوێندنەوەیەکی تر

# چەوساندنەوەی ژن



ڕێبین هەردی دەینووسێت

● "ژنێك خۆی دەسوتێنێت"،"لاشەی ژنێك بەکوژراوی دەدۆزرێتەوە"، "کوڕێك خوشکەکەی خۆی بە چـــــەقۆ دەکوژێت". ئەمە هەندێك لەو هەواڵانەیە کە بەردەوام لە ڕۆژنامەکانی ژنانو ئاوێنەو هاوڵاتی-دا دەیخوێنینەوە. ئـــــــامـــــــــاری کوشتنو ئەتککردنو ئەشکەنجەدانەکان هێندە ترسناکە کە تەنانەت ڕێکخراوەکانی ژنانیش ناتوانن بڵاویبکەنەوە. چیرۆکی چەوساندنەوەی ژن لە کوردستاندا، بە یەکێك لە پەڕە هەرەتاریکەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت.

"کە دەچیت بۆ لای ژنەکەت قامچییەکەت بیرنەچێت". کاتێك نیچە ئەم وتە بەناوبانگەی ڕاگەیاند (کە تا هەنووکەش وەك دەربڕێکـی کـۆی ئـەو سیسـتەمە پیاوسـالارییەی سەدان ساڵە حوکمدەکاتو ژن دەچەوسێنێتەوە)، لەلایەن لایەنگرانی ژنانەوە چەندان جار هێرشی کراوەتە سەر، لە ڕاستییدا یەکێك لە بیرۆکـە هـەرە دێرینـەکانی سـتەمی دووبارەدەکردەوە. قامچی هەمیشە هەبووەو بەر لە نیچەو دوای نیچەش بەشکڵی جیاواز بەکارهێنراوەو بەکاردەهێنرێت. پیاوسالاری پێویسـتی بـە نیچـە نـەبوو بـۆ ئـەوەی یەکێك لە نەگۆڕەکانی خۆی بسەلمێنێت، چەوساندنەوەی ژن، بەڵام ڕەنگە کەسانی نیچە هەمیشە پێویست بن بۆ ئەوەی نەوتراوەکانی ئەم سیستەمە ئاشـکرابکەن. گوتـار تـا ئاشکرابێت، ململانێ لەگەڵیدا ئاسانترو ڕێگەکانی تەشەنەکردنی بەر ئاستەنگو بەربەستی جیاواز دەکەون، چونکە لەگەڵ هەموو گوتارێکی ئاشکرادا، چەندان گوتـاری دی دەورووژێت کە پێچەوانەی ئەون لە ئاستی ماناداو ناکۆکن لەگەڵی لە ئاستی مەبەستو ئامانجدا. گوتار کە ئاشکرابوو چەندان گوتـاری دی بـۆ ڕاوەسـتاندنو وتوێـژکردنو کەشفکردنی ئاستەکانی دەکەوێتە گەڕ، کە ئاشکرابوو، تاکە گەمەکەرێکی مەیدانەکە نابێتو بەچـواردەوریدا چـەندان گوتـاری دی بـۆ خونسـاکردنەوەی دەکەونـە گـەڕ. لێرەوە گوتار ئەو کاتە ترسناکە کە ئاشکرانەبێتو سیمای هەقیقی خۆی لەژێر چەندان گوتاری جیاوازدا شاردبێتەوە. ئەو دەمە ترسناکە کە وتراوەکانی سەرپۆشێك دەبن بـۆ شاردنەوەی کۆمەڵێك سیاسەتی ستراتیژی کە ئەنجامیدەدات. ئەو دەمە ئاڵۆزە کە وتراوەکانی لە جێگەیەك بنو کردارەکانیشـی لـە جێگەیـەکی دییـەوە فـەرمان وەربگـرن. گوتار کە شاراوەبوو لایەنیکەمی سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێتو لێرەوە خونساکردنەوەی بە گوتاری دی کـارێکی ئەسـتەم دەبێـت. ئـەو کولتـوورو ڕۆشـنبیرییەش کـە گوتارەکانی ئاشکرانین، بەدەست سێ کیشەی سەرەکییەوە دەناڵێنن:

1. دووڕوویەك کە لە هەموو ئاستەکاندا ڕەنگدەداتەوە، شتێك دەدرکێنێت، بەڵام پێچەوانەکەی ئەنجامدەدات.
2. بێدەنگی لە هەموو ئاستەکاندا، چونکە شاراوەیی گوتار بواری گشتی لە کێشە ڕاستەقینەکان گومڕادەکاتوو بە شتی لاوەکییەوە خەریکیان دەکات.
3. بێبایەخکردنی گوتراوو خۆ بەرپرسیار نەزانین لەو هەلومەرجەی کە هەیە.

سیاسەتی دووڕوویی لە گوتارداو بێبایەخکردنی وتراو لەبەردەم نەوتراودا، لە هیچ شوێنێکدا هێنـدەی بەرامبـەر بـە ژن ئاشـکرا نابێـت: لەلایەکـەوە داننـان بەمافەکانیـداو لەلایەکی دیشەوە بەردەوام پێشێلکردنی مافەکانی، لەلایەکەوە ڕێگەدان بە قسەکردن لە کێشەکانو لەلایەکیشەوە گرنگینەدان بە کۆی ئەو شتانەی دەگوترێن.

بێگومان لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنەدا بڕێکی زۆر لە ئاواتی ژنان بۆ ئازادی بالایی کردو ئومێدی ڕزگابوونو بارودۆخێکی گونجـاوتر بـۆ ژنـانی هێنایـە ئـاراوە، بـەڵام چـیرۆکی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنەدا کۆتاییپێنەهات، بەڵکو شێوازی ترسناکترو توندوتیژتر بەخۆیـەوەگرت. مۆدێرنـە چـەند تازەکردنـەوەی مانـاو چـەمكو جیهانبینییەکان بوو، دەهێندەش گەورەبوونی پێشکەوتنی ئامێرەکانی سەرکوتکردنو توندوتیژی بوو. چەند پێشکەوتن بوو لە ئازادکردنو ڕزگـارکردنی مرۆڤـدا، دەهێنـدەش پێشکەوتنی تەکنیکەکانی کونترۆڵو سزادان بوو. ڕاستە مۆدێرنە تا ڕادەیەك ژنانی هێنایە ناو بواری گشتییەوەو کۆتایی بەو دابەشکردنە ئەزەلییە هێنا کە ژن تایبەت دەکات بە ماڵو پیاویش بە جیهانی دەرەوە. ڕاستە هەرگیز ئەو هەلانەی لە سەردەمی مۆدێرنەدا لەبەردەم ژناندایە بۆ هاوشانبوونی پیاو لە جیهـانی دەرەوەدا، لـە هـیچ قۆنـاغێکی دیـدا نەبووە، بەڵام ئەمانە هیچی کۆتایی بەو چەوساندنەوە ئەزەلییە نەهێناوە کە خەسڵەتێکی سەرەکی جیهانی پیاوسالارییە، بۆ ئەوەی ئەمەش بسەلمێنین هەر ئەوەندە بەسە بڵێین تـا ئێستاش ژنان گەورەترین گرووپی کۆمەڵایەتین کە بەشێوەو شـکڵی جیـاواز قوربانییـەکانی دەسـتی توندوتیـژین، لـە پـەلاماردانو دەسـتدرێژیکردنو فڕاندنـەوە تـا کوشـتنو ئەتککردنو ڕاوەدوونان. ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی تازەدا بڕێکی زۆریان وەك کالایەکی بازرگانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێتو جەستەو لەشیان بۆ مـەرامی جیـاواز لـە ویستو ئیرادەی خۆیان، سوودی لێدەبینرێت. ژنان چەوساوەی هەمیشەیی کۆمەڵگای پیاوسالارین.

لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ژنان تاکە هێمانومایەکی ڕاستەقینەی بوونی ئازادیو دادپەروەرین، بۆ ئـەوەی ڕادەی ئـازادیو دادپـەروەری کۆمەڵگایـەك بپێـوین، هـەر ئەوەنـدە بەسـە تەماشای دۆخی ژنان بکەینو لەوێوە ئاستی ئازادیو دادپەروەری ئەو کۆمەڵگایە دەستنیشانبکەین. ئەو کۆمەڵگایەی ژنان دەچەوسێنێتەوەو سـەرکوتیان دەکـاتو ناچـار بـە جۆرێك کاریان دەکات کە لەگەڵ ویستیو حەزیدا ناگونجێت، ناتوانێـت کۆمەڵگایـەکی ئـازادو دادپـەروەر بێـت، کارەسـاتی پیاوسـالاریش هـەر لێرەدایـە. ئـەم سیسـتەمە کۆمەڵایەتییە هەر تەنها دڵڕەقو توندوتیژ نییە بەرامبەر بە ژن، تـەنها ژن ناچەوسـێنێتەوە، بـەڵکو دڵـڕەقو توندوتیـژە بەرامبـەر بـە پیـاویش. ژمـارەی قوربـانیو کـوژراوو سەرکوتکراوکانی ڕەگەزی پیاو لەم سیستەمەدا، هیچی ئەوتۆی لە ژمارەی قوربانییەکانی ژن کەمتر نییە. ئەگەرچی ڕاستە بەهانەو بیانووی قوربانیکردنی هەردوولا جیاوازن، بەڵام ئەم نیشانەیە ڕاستییەك دەسەلمێنێ؛ ئەو سیستەمەی گرووپێك دەچەوسێنێتەوە، ناتوانێت دەست سپی بێت بەرامبەر بە گرووپەکانی دی. چەوسـاندنەوە هـەر ئەوەنـدەی لـە یەکێك یان گرووپێکەوە دەستپێیکرد، ئیدی تاکی دیو گرووپی دیش دەگرێتەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە مەسەلەی ئازادی ژن پەیوەندییـەکی جەوهـەری بـە ئـازادیی هـەموو مرۆڤەوە هەبێت. خەبات لەپێناو کۆتاییهاتنی چەوساندنەوەی ژندا، خەباتە بۆ جیهانێکی ئازادو دادپەروەر بۆ هەمووان. لێرەوە هەموو ئازادیخوازێك بەرژەوەنـدیی تایبـەتی لـە نەمانی چەوساندنەوەی ژندا هەیە. لە هەر کوێیەك ژنان دیل بن، کۆی مرۆڤەکانی دیش بەشێوەیەك لە شێوەکان دیلن (ئەگەرچی هەستیشی پێنەکەن).